رووسیا دان بە سەربەخۆیی هەرێمی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا دەنێ

رۆژی سێ شەممە ٢٦-٨-٢٠٠٨ **دیمتری مێدڤیدف** سەرۆکی وڵاتی روسیا لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشوور و ئەپخازیا نا. مێدڤیدف گوتی لەژێر رۆشنایی گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییەو لەسەر راسپاردەی پەرلەمانی رووسیا، وڵاتەکەی دان بە سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشوور و ئەپخازیا دەنێ و بە وڵاتێکی سەربەخۆیان دەناسێ.

هەرچەندە لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، هەردوو هەرێمی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا لەلایەن سەربەخۆخوازانەوە کۆنترۆل کران و مەیلی سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەکو بەشێک لە وڵاتی گورجستان پێوانەیان بۆ دەکردن و بە وڵاتێکی سەربەخۆیان نەدەناسین، کەچی ئێستا دوای ئەوەی لەشکری گورجستان هێرشی کردە سەر هەرێمی ئۆسیتیای باشوور و سوپای روسیاش بە هانایانەوە چوو، شەڕ لەنێوان گورجستان و رووسیا هەڵگیرسا، جارێکی دیکە سەربەخۆیی ئەو هەرێمە هاتەوە نێو هەواڵەکانەوە، ئەوەبوو جارێکی دیکەش پەرلەمانی هەرێمی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا بانگی سەربەخۆییان رادێرا، رۆژی ٢٥ی ئاب پەرلەمانی رووسیا گفتوگۆی لەسەر بڕیاری سەربەخۆیی هەرێمی ئۆسیتیای باشوور کردو داوایان لە حکومەت کرد کە ئەو وڵاتە بە رەسمی بناسێ.

سەرۆکی رووسیا سەبارەت بە فەرمی ناسینی هەرێمی ئۆسیتیای باشوورو یەپخازیا وەک وڵاتی سەربەخۆ، رایگەیاند کە: 'ئەم بڕیارە بە لەبەرچاوگرتنی خواستی خەڵکی ئەپخازیاو ئۆسیتیای باشوور بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە گۆرجستان و لەسەر بنەمای بڵاوکراوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەماکانی مافەکانی

نێوەنەتەوەیی وەرگیراوە'

لەبەرچاوگرتنی خواستی خەڵک و گونجاندن لەگەڵ بنەماکانی مافی گەلان و رێساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو پاساوانەن کە رەوایەتی بە سەربەخۆیی هەندێ وڵات دەدات و رێگریش لە سەربەخۆیی هەندێکی دیکە دەکات. کاتێک کۆسۆڤۆ بڕیاری سەربەخۆیی خۆی دا، ئەمریکاو هاوپەیمانان لەژێر ئەو پاساوەوە لاگیریان لێکرد، ئێستاش لەژێر ئەو پاساوەدا رووسیا لاگیری لە سەربەخۆیی هەرێمی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا دەکات!

داخوازی خەڵکی کۆسۆڤۆو هەرێمی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا بۆ سەربەخۆیی، داوایێکی رەواو راستینە، بەڵام بە فەرمی ناسینیان لەلایەن وڵاتانەوە سەوداو بەرژەوەندی پێوە دیارە، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە سەرکردەکانی ئەو دوو هەرێمە لێزانانە رەفتاریان لەگەڵ وڵاتان دا کردووە، هاوکێشەی سیاسی جیهانیان خوێندۆتەوەو لەسەر دەرفەت بازیان نەداوە.

ویستی سەربەخۆیی لای کۆسۆڤۆییەکان، ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی ئەورووپای رۆژئاوای نەرم کردو وایلێکردن کە پشتیوانیان لێ بکەن، ئەمریکا دوژمنی سەرسەختی سربستان نیە، چونکە حکومەتی ئەو وڵاتە لاگیری لە سیاسەتی ئەمریکا دەکات، هەروەها کۆسۆڤۆ هەرێمێکی دەوڵەمەندیش نیە، تا بەرژەوەندی ئەمریکا بۆ بە فەرمی ناسین، هاندەر بووبێ، بەڵکو ویست و ئیرادەی خەڵکی کۆسۆڤۆ و لێزانیی سەرکردەکانی ئەو هەرێمە سەرنجی واشنگتنی بەلای خۆیەوە کێش کرد، چاوی سەکردەکانی وڵاتانی ئەورووپای بۆ لای خۆی راکێشا، هەروەها ناکۆکی نێوان رووسیاو گورجستان کرۆکی ئەو کێشەیەی یەکلا کردەوە کە لە نێوان 'ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا' و گورجستاندا هەبوو، لەهەمان کاتدا ناکرێ ویستی خەڵکی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا و پێداگری سەرکردەکانیان فەرامۆش بکرێ. ئەگەر خەڵکی ئۆسیتاو ئەپخازیا لەسەر خواستی سەربەخۆیی مکوڕ نەبووان، ئەگەر سەرکردەکانی ئەو هەرێمە راشکاوانە پێداگریان لەسەر سەربەخۆیی هەرێمەکە نەکردبایەوە، ئەگەر هەستی نەتەوەیی و گیانی خۆڕاگری مکوم نەبووایە، نە بانگی سەربەخۆیی دەدراو نە رووسیاش دانی پێ دەناو کێشەی بۆ خۆی دروست دەکرد، کەواتە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، راستەوخۆ بە ویستی خەڵک و پێداگری سەرکردەکان و لێهاتوویی لە کایەی دیبلۆماسیدا بەستراوەتەوە.

سەربەخۆیی دوێنی کۆسۆڤۆ، سەربەخۆیی ئەمڕۆی ئۆسیتیای باشوورو ئەپخازیا پێمان دەڵێن کە سنووری نێوان وڵاتەکان روو لە گۆڕانن، نەخشەی جیهان بەرەو داڕشتنەوە دەڕوات.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، چاودێرانی سیاسی نێودەوڵەتی پێشبینی ئەوەیان کردبوو کە لە داهاتوویێکی نزیکدا دەیان وڵاتی نوێ پێکدەهێنرێن، دەیان نەتەوەی ژێردەست بە ئازادی و سەربەخۆیی شاد دەبن. ئەو بۆچوونەشیان راست دەرچوو، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یوگسلاڤیا چەندین نەتەوە وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێنا. تەنانەت ئەریتیریاو تەیموورى خاوەریش بە سەربەخۆیی گەیشتن، هێشتا نەتەوەی ژێردەستی دیکەش ماون کە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی تێدەکۆشن، لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بپرسین: 'ئایا کوردستان بریاری سەربەخۆیی دەدات ؟! ئایا کەی سەکردەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان پێداگری لەسەر خواستی سەربەخۆیی دەکەن و بڕیار لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستان دەدەن؟!'

هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە ساڵانی رابردوودا بڕیاری سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندووەو دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان پێکهێناوە، ئەگەر بۆ گەیشتن بە مافەکانیان تێکۆشابن، بەڵام نەتەوەی کورد بۆ رزگاری و سەربەخۆیی قوربانی زۆرو زەوەندی داوە، بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان دابووە، کەچی بە رزگاری و سەربەخۆیی نەگەیشتووە، هۆکاری نەگەیشتن بە سەربەخۆییش لێکدانەوەی جۆراوی بۆ کراوە، هەندێک لە چاودێران بۆ نا رۆشنی ستراتیژی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەگێڕنەوە، هەندێکی دیکەش جیوپۆلەتیکی نیشتمانی کوردستان بە هۆکاری سەرەکی دروست نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دادەنێن. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە کوردستانیان واز لە ئامانجی رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان ناهێنن، ئەوەتا چەندین رێکخراوی سیاسی کوردستانی هەن کە رزگاری و سەربەخۆییان کردۆتە ئامانج و بۆی تێدەکۆشن، بۆیە ئەگەر سەرکردەو هێزە سیاسیەکانیش پێوانەی ورد بۆ هاوکێشەی سیاسی هەرێمایەتی و جیهانی دەکەن و لەپەنای ئەو رەوشەوە باس لە سەربەخۆیی ناکەن و بۆی تێناکۆشن، بەڵام دیسانیشەوە زۆربەی ئەندامانی ئەو هێزانە دڵیان بۆ سەربەخۆیی لێدەدات، لەگەڵ بچووکترین گۆڕانکاریشدا ئامانجەکانیان بەرەو هەوراز هەڵدەکێشن و راشکاوانە ئاڵای کوردستان هەڵدەگرن و دەیشەکێننەوە.

ئێستا کە هەرێمێکی بچووکی وەکو ئۆسیتیای باشوورو هەرێمی ئەپخازیا بانگی سەربەخۆییان رادێراوەو وڵاتانیش بە فەرمی دانیان پێدەنێن، هەستی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەنێو دڵ و دەروونی کوردستانیادا گەشتر دەبێتەوە، هیوایان بە سەربەخۆیی گەورەتر دەبێ و بڕوایان بە برایەتی درۆیینی نێوان گەلان لەق دەبێ و شێڵگیرانەش پێداگری لەسەر دۆستایەتی راستنی نێوان گەلان دەکەنەوەو بەدەنگی بەرز لە سەرکردەو هێزە سیاسیەکان دەپرسن: ' کەی بیر لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەنەوەو کەی کورستانێکی سەربەخۆی رادەگەیەنن؟!

ئاکۆ مەجید

بۆمبی ئێران یان بۆمبارانکردنی ئێران!

نیکۆلای سارکۆزی، سەرکۆماری فەرەنسا بۆ دووەمین جار لەبەردەم هەواڵنێرانی ئاژانسەکانی جیهانیدا جەختی کردەوە کە ئەگەر هەوڵەکان بۆ راگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران ناکام بمێنێتەوە، کارەساتی بۆمبی ئێرانی یان بۆمبارانکردنی ئێران دەبینین!

سارکۆزی لە کۆنفرانسێکدا کە لە پاریس بەڕێوەچوو، جەختی کردووە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەرنامەی ئەتۆمی خۆی نەگۆڕی، دەبێ گەمارۆکانی سەر ئێران لە هەموو بوارێکەوە توندتر بکرێنەوە. ئەو رایگەیاند کە هەموومان لە جێگرەوەی کارەساتێک کە جیهان چاوەڕوانی دەکات، بە ئاگاین، هەروەک ساڵی پار لە دوو وشەدا کورتم کردبۆوە، بۆمبی ئێران یان بۆمبارانکردنی ئێران! هیچ کەسێک ناخوازی کار بەو ئاکامە بگات.

سارکۆزی دووپاتی کردەوە، ئەورووپاییەکان بە هاوکاری ئەمریکا، رووسیا و سین دەبێ بێ پەروا بزاڤی خۆی بپارێزێ، ئەگەر ئێران وەڵام نەداتەوە، دەبێ لەهەموو بوارەکانەوە بێبەشکردن و گەمارۆی توندتر بکرێتەوە.

سارکۆزی بەم شێوەیە داخوازی لە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد: 'من دەمەوێ دانوستاندن لەگەڵ ئێران درێژەی هەبێ و بەرپرسانی ئێرانی جدی بوونی رەوش بۆ وڵاتەکەیان دەست نیشان بکەن، من سەرپشکیان دەکەم تا داوەری نەوەی داهاتوویان بۆ رەوشی هەنووکەیی لەبەرچاو بگرن، چونکە بڕیار وەرگرتن لەم بوارەدە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە' ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: 'ئەگەر ئێران چەکی نیوکلیاری ئاشتیانەی دەوێ، لەم بارەیەوە هاوکاری دەکرێ، بەڵام ئەگەر ئێران چەکی نیوکلیاری لەشێوەی سەربازی دەخوازێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژ بەو هەڵبژاردەیە دەجەنگێ'

لەپێوەند بە قسەکانی نیکۆلای سارکۆزی دا، کۆماری ئیسلامی ئێران خەمساردانە رەفتار دەکات، چونکە لەوەتەی سارکۆزی پۆستی سەرکۆماری فەرەنسای مسۆگەر کردووە، رەفتارو هەڵوێستی توندی لەبەرانبەر ئێران پێشان داوە، ئەو هەمیشە کێشەی چەکی ئەتۆمی ئێرانی بە گەورەترین قەیرانی جیهانی داناوەو راشکاوانەش داوای راگرتنی یۆرانیۆمی کردووەو پشتیوانی خۆیشی لە داواکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووپات کردۆتەوە.

راستیەکەی مەحمودی ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئیسلامی ئێران، بەردەوام سەبارەت بە لێدوانەکانی سارکۆزی، بە خەمساردیەوە گوتویەتی کە ئەو تازە هاتۆتە سەرکارو شارەزایی نیەو ساردی و گەرمی نەچەشتووەو لەو چەمکە تێناگات! ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران هێندە بایەخ بە قسەکانی نیکۆلای سارکۆزی نادەن.

چاودێران پێیانوایە کە سەرکۆماری فەرەنسا لەهەوڵی ئەوەدایە کە سەرانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین بەلای خۆیەوە رابکێشێ، بەوهۆیەشەوە بانگهێشتی بەشار ئەلئەسەد، سەرکۆماری سوریای کردو هەوڵی راشکاوانەش بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی لبنان دەدات، تەنانەت خۆی لە دانوستاندنەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانیش هەڵدەقورتێنێ.

سارکۆزی خەون بە رۆڵی نموونەیی و کارایی جارانی فەرەنساوە دەبینێ، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە ئیدی رۆڵی فەرەنسا لە رۆژهەڵاتی ناڤین لە کورتی داوەو جارێکی دیکە باڵا دەست نابێتەوە. ئەگەر فرانسوا میتران و ژاک شیراک وەک دوو سەرۆکی پڕتوانای فەرەنسا پێوانەیان بۆ کرابێ، بەڵام چانسی سارکۆزی روو لە کزیەو هەڵسانەوەی ئاسان نیە.

کاروان سەربەنی

K_serbeni@hotmail.com

لە چاوەڕوانی ئۆباماو جۆی بایدن دا!

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتیخوازەکانی ئەمریکا بە فەرمی **باراک ئۆباما**یان بە کاندیدای خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری وڵاتەکەیان ناساند، ئەویش جۆی بایدنی بەجێگری خۆی هەڵبژارد، ئەوسا هەریەکە لە سەرۆکی پێشووتر بیل کلنتن و هیلاری کلنتن پشتیوانی خۆیان بۆ باراک ئۆباما ئاشکراکرد، ئیدی بەختی گەیشتن بە کۆشکی سپیان بۆ نزیک کردەوە.

باراک ئۆباما کە ئێستا نوێنەری ئەنجوومەنی سەنای ئەمریکایە، یەکەمین رەشپێستی ئەو وڵاتەشە کە بەربژاری پۆستی سەرکۆمار بێت و کاندیدای یەک لە دوو زلهێزەکەی ئەمریکاشە، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانێکی گەورە لە سیاسەتی ئەمریکاو حزبە گەورەکان بەدیار دەخات.

ئەگەرچی پارتی کۆماریخوازەکانی ئەمریکا کە رکابەری سەرسەختی پارتی دیموکراتیخوازەکانە، کاندیدای باراک ئۆباما بە کێماسی بۆ سیاسەتی وڵاتەکەیان لێکدەدەنەوە، بەڵام دیموکراتیخوازەکان بە خاڵی وەرچەرخان و سەرکەوتنی دادەنێن، لەم بوارەیەوە، بیل کلنتن سەرکۆماری پێشووتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتارێکدا ستایشی باراک ئۆبامای کردو رایگەیاند کە هەڵبژاردنی ئۆباما هۆکاری گۆڕانکاری ئەرێنی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ، باراک ئۆباما بۆ رێبەرایەتی کردنی ئەمریکاو گێڕانەوەی نەخشی رێبەرایەتی جیهان بۆ ئەمریکا ئامادەیی تەواوی هەیە و سەردەکەوێ' هەروەها چاودێرانیش بە فەرمی ناساندنی باراک ئۆباما وەک کاندیدای پارتی دیموکراتیخوازەکانی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە بە نیشانەی هێز دادەنێن و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازن، هەرچی رەشپێستەکانی جیهانیشن شانازی بە کاندیداکردنی باراک ئۆباماوە دەکەن، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کاندیداکردنی باراک ئۆباما کاتێک ئاماژەی خێری تێدابینرا کە جۆی بایدنی وەک جێگری سەرکۆمار دەستنیشان کرد. جۆی بایدن یەکێک لەو سیاسەتمەدارانەی ئەمریکاو جیهانە کە جەخت لە سەر دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ دەکاتەوە. پێشنیار و بۆچوونەکانی جۆی بایدن لەژێر هەر پاساوێکەوە بێ، لە بەرژەوەندی کێشەی کوردستان دایە، بۆگەیشتن بە رزگاری و سەربەخۆیی هاوکاری کێشەی نەتەوەی کورد دەکات تا لە داهاتوویێکی نزیکدا دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێکبهێنرێ. لەوانەیە لەسەر ئەو بۆچوونەشی بێ کە عەرەبە توندڕۆکان و تورکە دەمارگیرەکان وەک ناحەز چاوی لێبکەن.

جۆی بایدن روانگەیێکی تایبەتی سەبارەت بە رەوشی هێمنایەتی عێراق و پێوەندی لەگەڵ ئێران و رەفتار لەگەڵ رووسیادا هەیە، بە کەسێکی شارەزا دادەنرێ، ئەگەرچی لە پێشبڕکێی کاندیداکانی پارتی دیموکراتیخوازەکانی ئەمریکادا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا، بەڵام لەبەر شارەزایی و لێهاتوویی وەک جێگری باراک ئۆباما دەستنیشان کراوە.

زۆرینەی ئەمریکیەکان، بەتایبەتیش عێراقی و ئەفغانیەکان چاوەڕوانی ئەوە لە جۆی بایدن دەکەن کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی باراک ئۆباما دابنێ و هەوڵی دەربازبوونی ئەمریکا لەو کێشانە بدات. بایدن کە خاوەن بۆچوونێکی میانڕەوانەیەو پێداگری لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان دەکات، وەک یاوەرێکی شارەزا کۆمەک بە ئۆباما دەکات و چانسی سەرکەوتنی زیاتر دەکات.

سەرکەوتنی ئۆباما ئەگەرچی هێشتا مسۆگەر نەبووەو لە بەرانبەر رکابەرێکی بەهێزی وەک مەکین راوەستاوە، بەڵامبوونی جۆی بایدن شەرخوازانی توڕەکردووەو ئااشتیخوازانیشی دڵگەرم کردووە.

سلێمان بەرواری

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com